رەخنە

سامان محەمەد

# رەخنەی بنیاتگەری
# لە دەقی شیعری " نامەی سوور "ی دڵشاد عەبدوڵادا

دڵشاد عەبدوڵا یەکێکە لە شاعیرە نوێکانی دنیای شیعر و توانیویەتی لە رێگەی شیعرەکانییەوە هزری لە چوارچێوەی وشەکانەوە بخاتە روو







23

ئەگەرچی بنیاتگەری "Strucralism " لە پێگەی سەرهەڵدانیەوە لە فەڕەنسا لە نێوان ساڵانی ١٩٥٥- ١٩٦٥ گەشە و رۆڵی بەرچاوی خۆی دیوە و دواتر پەلی هاوێشتوە بۆ وڵاتانی تری جیهان، بەڵام زیاتر وەکو تیۆر خۆی سەپاندووە نەک پراکتیک، خودی رۆڵان بارتی رابەرەکەشی رێبازەکەی لە بەرهەمی تەواو و گشتگیر لە سەرجەم رەگەزەکانی ئەدەبدا بەجێ نەهێشتووە. لە نێو ئەدەبی عەرەبیشدا، ئێمە زیاتر لایەنی تیۆری رێبازەکەمان بەرچاو دەکەوێت و بەدەگمەن شیکاری بنیاتگەری تێدا نوێنراوە، لەو باوەڕەداین کە چەند هۆکارێک لە پشت ئەم مەسەلەیەوەیە، لەوانەش خودی رێبازەکە بە سیستمێکی رێکوپێک و دیاریکراوەوە بەردەست نەکەوتووە و بایەخدانی تەنیای بە زمان و شێواز، بەتایبەتی زمان بۆ خۆی، لێ دوورکەوتنەوەیەکی بۆ دروست کردووە لە پاڵ ژیانی کورتی رێبازەکە و کوژانەوەی لە فەڕەنسا و دواتریش دابڕانی ئەدەب و جیهانی عەرەبی و رۆژهەڵاتی ئەورووپا و رۆژئاواش هۆکارێکی ترە، گەلی کوردیش وەکو بەشێک لە رۆژهەڵات زۆر لەو هۆکارانەی بەرکەوتووە، بەڵام پێ دەچێت ئێمە جیاوازییەکمان هەبێت لەوان، بەوەی کراوەترین.

بنیاتگەری توانیویەتی پشت بە پایەکانی مۆدێرنە ببەستێت لە نوێگەریدا و بە رای ئێمە بەرەنجامی کۆمەڵێ فاکتەر و هۆکار بووە، لەوانە پشتگوێخستنی زمان کە وەکو پێویست نەبووە. لە کوردستانی ئێمەیشدا بنیاتگەری وەکو رێبازێکی رەخنەیی زیاتر لایەنی تیۆری لە نێو لێکۆڵینەوەکاندا دەبینرێ و روونکردنەوەی بنەماکانی بووە. بە دەگمەن لایەنی پراکتیکی تێدا بە دی دەکرێت. ئێمە بە تێگەیشتنمان بۆ لایەنە تیۆرییەکانی رێبازەکە، هەوڵمان داوە لێکدانەوە و راڤە و شیکردنەوەی ئەوتۆ بۆ دەقێکی شیعری بکەین لەمەڕ شیعرە هاوچەرخەکانی کوردستانمان کە ئەویش دەقی شیعری "نامەی سوور"ی شاعیر "دڵشاد عەبدوڵا" یە کە لە دووتوێی دیوانی "حەج"دا و لە سەر ئەرکی دەزگای ئاراس لە ساڵی ٢٠٠٥ بڵاو کراوەتەوە. سەرەتاش دەقی شیعری ناوبراو پێش دەخەین:

**نامەی سوور**

**کە گە یشتمە سنە باسی مەلا خدر و**

**ئەو شیعرەیان دەکرد**

**کە شمشێری خان دەگەڕا بۆ مل**

**پەڕاندنی**

**ئای لە گێلی پاشا و میران**

کەی باوبۆران سندم دەکرێ بە
زنجیران؟
حەوت ساڵە ئەوەی خوێندوومەتەوە
دەوریان دەکەمەوە
رستەیەک لە ناو رستەکان عاسییە
دەڵێی تیرۆژە ناگیرێ
وەکی پیاڵەی مەی تاک هەر قومە
و تامێک
هەر وشە و حەرفێ خەیاڵێک
دەبەخشێ
هانا بۆ کێ ببەم بۆ لێکدانەوەی؟
وەکی چەخماخە کە هەور راڤە دەکا
شریخەی بێ
گەردوون باڵ لە یەکتر بدەم لە
ئاستیدا
خاڵۆ: گوێ بگرە
لە خۆڵەمێشی قەقنەسدا
خوێنی کێیە بەردەوام دەگەڕێ؟
خۆم خستۆتە ناو باوەشی
سیروانەوە
دەملاوێنێتەوە ئاوی
کات گێژ دەخوا لە دژوارترین
شوێنیدا
وەک مەلەوانێک لێم بزر دەبێ
لە قوڕ و لیتەی هەلێکدا
ئەی داری هانە سوور ئەو ئاو
شەقەکە!
لە بەینی دوو پێڵووی خامۆشدا

**بەیانی لە دەرگا دەدا:**
**بیکەرەوە عەنبەر!**
**ئەو ڕووناکییە بەشی هەردووکمان**
**دەکا**
**ئەو پێخەفە جێگەی هەردووکمانی**
**تێدا دەبێتەوە**
**سەدەی نۆزدە بە من و تۆ**
**دەست پێ دەکا**
**بە من و تۆ کۆتایی دێ:**
**نابینام**
**کە چی گڵێنە**
**پڕاوپڕە لە دیدەی تۆ**

دڵشـاد عـەبدوڵا یـەکـێکە لە شـاعـیـرە نـوێکانی دنیـای شـیـعـر و توانیـویەتی لـە ڕێگەی شیعرەکانییەوە هزری لە چوارچێوەی وشـەکانەوە بخاتە ڕوو، بەمەش پانتاییەکی فراوانی بۆ جیـهانی شیـعری خۆی دروست کـردووە، یەکێک لەو شـیـعرە جوانانەی شـاعیـر کە لە دیوانی "حـەج " دا بڵاوی کردووەتەوە، شـیـعرە " نامـەی سـوور "ە و دەکرێ بە هەر یەک لەو ڕێگایانەی کە قوتابخانەی ڕەخنەی بنیاتگەری دەیانگرێتە خۆی شی بکرێتەوە.

بنیـاتگەری لای سـوسـێر نەهـجێکی تایبـەتـە بۆ خـوێندنەوەی شـتـە نادیـارەکان کـە پێ دەچێت زمـان سـەرەدەزووی ئـەم گرێکوێرەیە بێت. بەم پێیـەش بێت ناتوانین بە بنیات بڵێین شت، لەبەرئەوەی شت بوونێکی واقیعی لە جیهانی " ئاگایی و نائاگایی" دا هەیە.

لیڤی شتراوس دەڵێت: " پێویستە بنیاتگەری سنوورەکانی توانای تاکە کەس ببەزێنێت لە پێگە بیریەکاندا[1]، بەم پێیەش بێت کارکردن لەسـەر جەستەی شیـعرێکی " دڵشاد عەبدوڵا" کارکردنە لە سـەر ئایدیا و شێواز و واتای ئەو دەقە، بۆیە پێویستە نەهج و چەمکی شیعری لەلای ئەو کـەسـە بزانرێت، پاشـان لـەو سـۆنگەوە کـار لەسـەر جـەسـتـەی شـیـعری بکەین. سـۆسـێر لە کـتـێبی"چەند وانەیەک لەبارەی زمـانناسـیی گشـتی" دا پێی وایـە: " نیشـانە شـوناس زانسـتی دەلالەتی واتایە، زمـان سـیـسـتـمێکە لە نیشـانەکـان و بیروباوەڕەکـان دەردەبڕێت"[2]، بەڵام دواتر ڕولان بارت ئەم دەسـتـوورەی سـۆسـێری ئاوەژوو کـردەوە، بەبۆچوونی بارت هەر چەشنە سیـستـمێکی سیمیۆلۆجک دەتوانێت لە ڕێگەی یاساکانەوە،

رێسا و میتۆدەکانی زانستی زمانناسی بناسێتەوە و هیچ سیستمێکی دەلالەتی واتایی بەبێ زمانناسی ناناسرێتەوە، پاش سۆسێریش زمانناسی دانیمارکی" لولی یلمسلف"، پێشنیازی ئەوەی کردووە کە" دوو جۆرە نیشانەناسی "زانستی _ نازانستی" لێک جیا بکەینەوە و هەردووکیان بخەینە نێو"پۆست سیمیۆلۆژی"یەوە، بەلام جەختی لەسەر ئەوە کردووە کە ئەم دووانە تەنیا بە یارمەتی تیۆری زمانناسییەوە دەتوانرێ بناسرێتەوە "[٣].

دەق یەکەیەکی رۆنانی نییە بە شێوەی رستە و گرێ، بە رای" هالیدەی"[٤] " زاراوەی لکاندن زاراوەیەکی رۆنانی نییە، هەرچەندە پێوەندییەکان رۆڵیان لە بەیەک بەستنەوەی پارچە دەقدا، وەک رستە و پەرەگراف، یان تێخزاندنی دەربڕین لە گفتوگۆدا ". کەواتە رۆنان لە دەقدا تەنیا ئەو وزەیە کە وا بکات یەکێتییەک لە نێوان رستەکاندا دروست بکات، ئەم یەکگرتنەش بەهۆی رۆنانەکەوە روون دەبێتەوە، لەم شیعرەشدا پارچەکانی رستە و پارستە بە روونی بەیەکەوە لکێنراون، بەمەش دەقی دروستبوو یەکەیەکی ناوەکی لە ناو هەموو ئەو توخمانەدا هەیە کە بەشێکی ئەم دەقانەی پێک هێناوە.

سۆسێر باوەڕی وایە دەبێت واتا دوو لایەنی هەبێت "فۆرم، واتا "یان "ناو، ناولێنراو "، بەلام لەسەر ئەوەش سوورە کە ئەو دووانە لە یەکتر ناکرێنەوە، سۆسێر پێوەندیی نێوان فۆرم و واتا بە رەمز دادەنێت، بەلایەوە رەمز یان هێما دانەیەکی سەرەکی پێوەندیکردنە، لەبەرئەوەی " هێما " بەشێکە لە زمان و خۆیشی بریتییە لە پێوەندی، کەواتە هەموو رستەیەکی ئەم شیعرە وەک سۆسێر بۆی دەچێت کۆمەڵە هێمایەکە، هەموو ئەم هێمایانەش بونیەتێک دروست دەکات، واتە هەر هێمایەک بەشێک لە واتاکە دەگرێتە ئەستۆ , وەک هێماکانی تر، ئەم زنجیرە هێمایەش پێوەندی ئاسۆیی دروست دەکەن، بەلام لەم شیعرەدا زیاتر پێوەندی ستوونی رۆڵ دەبینێت، ئەو پێوەندییەش بریتییە لەهەر هێمایەکی ناو شیعرەکە لەگەڵ هێمایەک یان چەند هێمایەکی تر کە لەم شیعرەدا دەبینرێت و بەشێکن لە هەموو ژمارەکە وەک هێمای " ئەوان "، وەک " باسی ئەو شیعرەیان دەکرد " ئەم هێمایەش لەگەڵ هێمای تری وەک " من، ئەو، تۆ..."، پێوەندی دەبەستێت وەک " دەملاوێنێتەوە، حەوت ساڵە ئەوەی دەخوێنمەوە، بیکەرەوە" ئەم کۆمەڵە هێمایە پێکەوە پەیرەوێکی بچووک دروست دەکەن" جێناوە کەسییەکان " کە تەنیا ئەندامێکیان لێرەدا بەکار دێت.

سۆسێر یەکێکە لە زانا زمانەوانییە دیارەکانی جیهان کە کاری لەسەر زمان دەکرد وەک دەزگایەکی جیاواز، ئەمەش کارێکی نوێ بوو، رێڕەوی بنیاتگەری زمانەوانی هێنایە گۆڕێ دواتر بایەخ بە ناوەوەی زمان درا لە دوای ئەمەوە. پاشان بنیاتگەرەکان لەسەر هێڵەکانی

زمان كاريان دەكرد، بۆيە میتۆدی ئەو بنیاتگەرانە بریتی بوون لە "جەختكردنەوە لەسەر نووسینەوەی رێزمانی وەسفی و زمانە نووسراوەكان ". ئەم بنیاتگەرانە یەكەم جار كاریان لەسەر رەسەنایەتی زمان دەكرد لە پێناو وەرگرتنی هەندێ ئاخاوتن، لێرەشەوە لە كاتی لێكۆڵینەوە و بەدواداچووندا لەم ئاخاوتنەیان دەكۆڵییەوە، دواتر لە كەرەستەكانی ئاخاوتنیان دەكۆڵییەوە لێرەشەوە گەیشتینە ئەو ئاكامەی كە زمان سیستمی هەیە، بۆیە كاریان لەسەر دەنگەكانی زمان كرد، دواتریش پۆلێنكردنی ئەلەفۆنەكانیان دەستنیشان كرد.

زمان خۆی بۆ خۆی لوغزێكی كۆمەڵایەتی شتێكی نادیارە لە رووی مێژووەوە و لە ئەلقەكانی دایكرۆنی و سایكرۆنیدا، جگە لەمەش بوونێكی نادیاری هەیە بە پێی پێناسەی كورتی بنیاتگەری، چونكە" خودی بنیاتگەری نەهجێكی تایبەت بە خوێندنەوەی شتە نادیارەكانە، بێگومان لەم سۆنگەشەوە زمان سەرە رمی ئەم كارەیە. زمان خۆی بۆ خۆی بوونێكی مێژوویی هەیە و بە درێژاییی مێژوو گۆڕانكاریی بەسەردا هاتووە، زمانیش وەكو بنیات دابڕانە نەك كۆبوونەوە، چۆن زمان جیایە لەو كۆمەڵە لوغزەی كە وەك وشە بوونیان هەیە، زمانیش لێكدابڕانێكی لێ دەردەكەوێت لە نێوان " دایكرۆنی و سایكرۆنی "دا كە بە چەقە كاریگەرە بناغەییەكانی بنیاتگەری دادەنرێت. لەبەر تیشكی ئەو تێڕامان و بۆچوونانەی پێشووە، گەر خوێندنەوەیەكی تر بۆ شیعر بكەین، بە تایبەتی دەرخستنی بیر و شتەكان لە سەرچاوەی زمانەوە، ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت كە چۆن زمان تەرخان كراوە لە سنووری دروستبوونە شیعرەكەدا،

بیری شیعرەكە پێوەندیی كۆمەڵایەتی و مێژوویی شاعیرێكی بە ناوبانگی دیاری كوردە، كە " مەلا خدری میكائیلییە" واتە" نالی " شارەزوورییە، شاعیر باسی شیعرەكەی دەكات بەوەی كە" مل پەڕاندنی لە دوا بووە"، بۆ؟

شاعیر ئەو شیعرەی كردووە بە باوبۆران، دەسەڵاتی ملهوڕانی كردووە بە زنجیر، پەنای بردووەتە بەر واتا كۆنەكە " لە رێگەی ئاواز، جێناو، هێما"، بۆیە دەڵێت " رستەیەك لە ناو رستەكان عاسییە ".

یەكێك لە بنەڕەتەكانی بنیاتگەری گەڕانەوەیە بۆ باوەشی كۆمەڵ، بۆیە دیاردەی مەی و پیاڵە و تام و قومی هەڵبژاردووە. لەگەڵ ئەوەشدا دان بە وتەكەی " ئۆكتاڤیۆ پاز "دا دەنێت كە دەڵێت " شیعر لە وشە پێك دێت، لە یەك كاتدا تێ دەكۆشێت و بەشێك بزر دەكا "، هەر لەم روانگەیەوە دەڵێت:

**هەر وشە و حەرفێ خەیاڵێک دەبەخشێ**
**هانا بۆ کێ ببەم بۆ لێکدانەوەی؟**
**وەکی چەخماخە کە هەور راڤە دەکا**

شاعیر ئەوەندە خوێندنەوەی بۆ پێوەندیی خۆشەویستی مەولەوی و عەنبەر خاتوون کردووە کە وای لێ هاتووە، خۆی بە خاوەن بەزمەکە دەزانێت، بۆیە لێرەدا داهێنان لە شیعر دروست دەکات، واتە دڵشاد عەبدوڵا ئەوەندە بە تاسەوە بۆ پێوەندی دابڕێنراوی عەنبەری کۆچکردوو و مەولەوی هەست و نەستی تێکەڵاوی دەڵێت و خۆی لە قووڵی دەروونیدا دەبێتە تاقیگەی بڕیار:

**بیکەرەوە عەنبەر**
**ئەو رووناکییە بەشی هەردووکمان**
**دەکا**
**ئەو پێخەفە جێگەی هەردووکمانی تێدا دەبێتەوە**
**سەدەی نۆزدە بە من و تۆ دەست پێ دەکا**
**بە من و تۆ کۆتایی دێ**

ئەمەش بۆ خۆی خوڵقاندنە لە ئەدەب و واتا و ناوەرۆکدا، ئەوە دەخاتە روو کە ژیانی سەردەم بە یەکگەیشتنی عەنبەر و مەولەوی دەست پێ دەکات، پێشی وایە دوابەدوای ئەوانیش مێژوو کۆتایی دێت:

**نابینام**
**کەچی گلێنە**
**پڕاوپڕە لە دیدی تۆ**

ئەمەش ئەوە دەردەخات کە شاعیر بڕوای بە شیکاری فرۆیدی هەیە، بەوەی کە بەشی نائاگایی مێشکی مرۆڤ زۆر رۆڵ دەبینێت لە بینینی یار لە چاو چاوی واقیعی، چونکە واقیعی وێنەکان زوو دەسڕێتەوە، بەڵام لە بەشی نائاگاییدا وێنە هەمەجۆرەکان بەردەوام لە خۆیدا هەڵدەگرێت. لە سیستمی شێوازدا، دڵشاد بە باسێکی مێژوویی دەستی پێ کردووە، لەگەڵ ئەم دەستپێکردنە مێژووییەشدا، پرسیار لە شتێک دەکات کە دەیەوێت خودی مێژووەکە و پرسیارەکە دەربخات، ئەم کارەش وروژاندن دروست ناکات کە تاوەکو یەکەیەکی وشەکان لێکبدرێتەوە، دواتر بە رستەکان، بەمەش بە تەواوی واتا و وێنەکانی شیعرەکە بە یەکەوە دەبەستێتەوە، لای بنیاتگەرەکانیش زمان هەم پێکهاتە"Structure" و

هەم بەشە"Constituent"، بەمەش بیرۆکەی "پێکهاتە و بەش" یان لەسەر ئاستی مۆرفۆلۆجی و رستەسازی شی کردەوە، لەسەر ئاستی مۆرفۆلۆجی بیرۆکەی بەشە راستەوخۆکانی وشە لە پرۆسەی یەکەم، دابەشکردنی وشە پەیدا دەبێت بۆ نموونە:
**"رستەیەک لە ناو رستەکان" <"رستە+یەک" یان "رستەکان"<" رستە+ەکە +ان".**

بەڵام بەگشتی ئەو شیعرەی دڵشاد زۆرتر لایەنی رستەسازی باڵادەستە و لێرەوە واتاکان فۆرم وەردەگرن، کەواتا دڵشاد عەبدوڵا وەکو بنیاتگەرێک لەسەر ئاستی رستەسازیدا، رستەی بۆ بەشە پێکهێنەرەکان گەڕاندەوە، چونکە رستە لای بنیاتگەرەکان بریتییە لە نیهاد"Subject" و گوزارە" Predicat veerb"، بۆ نموونە لە رستەی : " کە گەیشتمە سنە " " باسی مەلا خدر و ئەو شیعرەیان دەکرد " هەریەکە لە " من " و" گەیشتن " لەگەڵ " ئەوان، یان " لەگەڵ " دەکرد " بریتییە لە بەشە پێکهێنەرە راستەوخۆکانی رستەکە وەک لە هێڵکاری (١) دەردەکەوێت، بەمەش ئەمە دەردەکەوێت کە شێوە و فۆرم بووەتە بنەمایەکی سەرەکی بۆ تێگەیشتن لە شتەکان، بەمەش زمان لە خزمەت واتادایە.

لە فەلسەفەی بنیاتگەریدا ئەزموون بنچینەی شیکردنەوەی بیرۆکەکانە، واتا ئەزموون رۆڵ دەبینێت نەک زانست، چونکە پێیان وایە پێکهاتەی زمانەوانییەکان لە عەقڵدا خۆڕسک نین، بەڵکو فێریان دەبین.لای بنیاتگەرەکان پرسی فێربوونی زمان لە رێگەی کۆمەڵ و دەوروبەر و چالاکی خەڵکەوە دەبێت نەک خودی چۆمسکی باوەڕی وایە کە ئەو چەند رێسایەی لە عەقڵی مرۆڤدا هەیە دەتوانێت ژمارەیەکی بێ کۆتایی رستەی نوێ دروست بکات، لێرەشەوە کە پێی وایە رستە پێکهاتەی سەرەوە و خوارەوەی هەیە. پێکهاتەی ژێرەوە زاراوەیەکی تیۆری سەرەکییە لە رێزمانی گواستنەوەدا، هەندێک هەن بە پێکهاتەی ژێرەوە ناوی نابەن، بەڵکو بە رێزمانی ژێرەوە، پێکهاتەی بنکە، پێکهاتەی دوور یان بەرایی ناوی دەبەن. ئەم پێکهاتەش رستەسازی ئەبستراکت و وشەی لێکسیکی و زانیاری ستراکچەیی لە خۆدەگرێت. چ وشەیەک نیهاد و چ وشەیەک گوزارەیە یان ئایا رستەکە لە دۆخی ئەرێ، یان نەرێدایە ؟ هەروەها ئەو بەشەی واتا کە لە وشە لێکسیییەکاندایە، ئەو شێوەیەش کە ئەو وشانە لە رووی رێزمانییەوە پێوەندییان لەگەڵ ئاستی پێکهاتەی ژێرەوە هەیە و روونکردنەوەی واتای رستەکەیە. لە روانگەی چۆمسکییەوە هەموو جۆرەکانی رستە ئەرێ، نەرێ، پرسیار.. هتد هەموویان لە پێکهاتەی ژێرەوە چەقیان بەستووە. هەر لەم روانگەشەوە لە پێکهاتەی دیار و نادیاردا دوو بکەر دیاری دەکات، بکەری لۆجیکی کە لە پێکهاتەی ژێرەوە لەگەڵ بکەری رێزمانی کە لە پێکهاتەی نادیار لە بەرایی رستەدا

دەردەکەوێت، کەچی لە ڕێزمانی لاسایی و بنیاتگەریدا بە بکەری ڕێزمانی دەگوترا بەرکار.

بنیـاتگـەرەکـان بـاوەڕیـان بـەوەیە کـە زمـان هـەم پێکـهـاتـە و هـەم بـەشـە لـەسـەر ئاسـتی مۆرفۆلۆجی بیرۆکەی "بەشە ڕاستەوخۆ"کانی ڕستە لە پرۆسەی یەکەم دابەشکردنی وشەدا پەیدا دەبێت، بۆ نموونە وشەی قوتابییەکە کە لە دوو بەش پێکهاتووە" قوتابی +ەکە"هەر یەک لەم دووانە پێیـان دەوترێ بەشە ڕاسـتـەوخـۆکانی وشـە، بەڵام ئەگـەر وشـەکـە بوو بە "قوتابییەکان" ئەوا دەبێتە سێ بەش "قوتابی+ەکە+ان" بەمانەش دەوترێ بەشە کۆتاییەکانی "قوتابییەکان".

بنیاتگەرەکان لەسەر ئاستی ڕستەسازی، ڕستەیان گەڕاندەوە بۆ بەشە پێکهێنەرەکانی، بۆ نموونە:

بە بڕوای دی سۆسێر پێکهاتەی بینای وشە دوو لایەنی هەیە: ١- لایەنی ئاسۆیی. ٢- لایەنی ستوونی.

لەو بارانەدا نووســـەر بـاوەڕی وایە کـــە دەتوانرێ لە بری نـاوێک، ناوێکی تر یان ئاوەڵناوێک، ئاوەڵناوێکی تر بەکاربهێنرێت، وەک:

**گەردوون دەسووتێ**

**هێندەی باڵ لە یەکتر بدەم لە**

**ئاستیدا**

**خاڵۆ : گوێ بگرە** --دەتوانی لە بری خاڵۆ بڵێی،"مامە گوێ بگرە".

دی سۆسێر وشـەکانی زمـان بە داشی شـەترەنج دەشوبهێنێت، لەم ڕووەوە لە بزاوتی هەردانەیەکیدا، چاوەڕوانی ئەو گۆڕانکارییانە نییـە کـە بە سـەر ئەو دانەیە دێت، بەڵکو دەشێت کاریگەری ئەو دانەیە کاریگەرتر بێت لە هەموو دانەکانی تر، بەو شێوەیە وشەیەک لە ڕستـەیەکی دیاریکراودا  نرخـەکەی دیاری دەکرێت، وەک :هەر وشـە و حەرفێ خـەیاڵێک دەبەخشێت.

**"هانا بۆ کێ ببەم بۆ لێکدانەوەی؟"**

نرخی "هانا " ئایدیا و هزرێکت  بۆ دەکات کە ئەگەر بگۆڕێت بە وشـەیەکی تر لە بەهای وێنەکە کـەم دەکاتەوە، کەواتە لێرەدا وشـەکـە نرخـەکەی دەکرێت لە سـەر بنەڕەتی جۆری پێوەندی و گەڕانەوە بۆ سـەرجەم کەرەستـەکانی تری ئەو ڕستـەیە. بەڵام بەڕای من "بلۆم فلید "ستراکچیرالیزم بەهەموو ئەو کردەوانە دوترێت کە تەرخان دەکرێن بۆ لێکۆڵینەوە، سـەبارەت بە پارچەپارچەکـردن و پۆلکردنی باری فـیـزیکی هەر دەربڕینێک "ڕسـتـە،

دەستـەواژە، بڕگـە، وشـە "بـۆچوونەکـەی "بلۆم فلید " لەگـەڵ بـاری سـەرەوەی رستـە لەگـەڵ بۆچوونەکانی چۆمسکیدا دەگونجێ بەو واتایەیە چۆمسکی پێکهاتەی "دەربڕینەکان "لە دوو رووەوە لێک دەداتـەوە :١- بـاری ســــەرەوە.٢- بـاری خــــوارەوە. وەک لە هـێلکاری (٢) دەردەکـەوێت، جگە لەوانەی سـەرەوە دەشـێت بنیـاتی گـرامـەر و فـۆنۆلۆجی، رێزمـان، سیماتنک بگێڕێتەوە.

نموونە: رێزمـانی گواستنـەوە کە لەسـەر ئەو دوو بنیاتە بنیات نـراوە بەپێی وتنی قسـەکەر تێڕوانینی جیاوازی هـەیە، ئەو هـەموو تێڕوانینەش، زمانەکە دەردەبڕێت کە لەسـەر بنەڕەتێک بەندە کـەچی دەڵێن "دین سـتـراکـچـەر،کەواتـە دەتوانرێت بوترێت کـە پێکهـاتـەیەک دابەش دەکرێت بەهۆی چەندان پێکهاتەوە دەردبڕێت، لێرەدا تێـڕوانینی قـسـەکـەر "سـتـرێس "لە سـیرینسـی سـتـراکـچـوردا بەڕوونی دیاردەکـەوێت. لە زانسـتی ئێـسـتـا و هـەندێ جـار بە تێـڕوانینانە بەدانـانی سـتـرێس کەلە سـەر بەشـێک لە دەربڕینەکـەی لێ ئەدرێتـەوە لەلایەن قسەیەکەوە، بۆ نموونە:

**سەدەی نۆزدە بە من تۆ دەست پێ**
**دەکات**
**سەدەی نۆزدە بە من تۆ دەست**
**پێ دەکات؟**
**- سەدەی نۆزدە بە من تۆ دەست**
**پێ دەکات!**
**بە من و تۆ کۆتایی دێ**
**بە من و تۆ کۆتایی دێ؟**
**بەمن و تۆ کۆتایی دێ!**
**نابینام**
**نابینام؟**
**نابینام !**
**کەچی گلێنە**
**پڕو پڕە لە دیدەی تۆ**

کەوایە لە دەقی "نامـەی سوور"ی دڵشـاد عەبدوڵادا، بۆمان روون بووەوە کە لە رووی فۆرم و وێنە و زمانەوە پێکهاتەیەکی یەکگرتووی هـەیە و ئەمـەش یـەکگرتووی سیستم و زمانەوانی

دەقەکە دەسەلمێنێ، واتا وشەکان بە یەکەوە پێوەستن، هێماکانی بە جوانی لە جێگەی شیاوی خۆیاندا بەکار هاتوون. شێوازی دەقەکە بە باسێکی مێژوویی دەست پێ کراوە و بە پرسیار و وروژاندنێک بەرجەستە دەکات بە کۆکردنەوەی کۆمەڵێ واتا لە کۆمەڵێ رستەی یەکگرتوودا کۆ کردووەتەوە وبالادەستی رستەسازی و بەخشینی واتا بە فۆرمەکان دەسەلمێنێ و سیستمی زمانەکەی بە جوانی جێبەجێ کردووە. رەنگدانەوەی لوغزی کۆمەڵایەتی زمان لە بەکارهێنانی رەمزەکاندا سیمبولیزم بە روونی تیا بەرجەستە بووە، باوەڕبوونی شاعیریش بە شیکاری فرۆیدی لە مانەوەی وێنە و رووداوەکان لە بەشی نا ئاگایی مرۆڤدا ئەمە لە پاڵ شێوازی نوێی داڕشتن و لێکدانەوەکان.

پەراوێز و سەرچاوەکان:


١- پێکهاتەی دەق، مەسعوود بابایی، ٢٠٠٤ ، ل ١٢
٢- هەمان سەرچاوە، ل ١٥
٣- هەمان سەرچاوە، ل ١٦
٤- هالیدەی، و. حەسەن عەلی، ١٩٧٩، ل٢٩٤
٥- لێڵی لە زمانی کوردیدا، سەلام ناوخۆش، ١٩٨٦، ل ٧٤.
٦- محاظرات فی الالسنە العام، فردنیان دی سوسیر، و. یوسف غازی. ص ١٦٦.
٧- کۆواری رامان، ژ ١٠٣.
٨- دیوانی "حەج "، دڵشاد عبدوڵا، هەولێر، ٢٠٠٥.







**هێلکاری (١)**

بەگشتی پەیوەندی نێوان چۆمسکی و بلوم فیلد لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت:




**هێلکاری (٢)**